# سترانی سەراب

قوبادی جەلی زادە

خودایە كتێبە پیرۆزەكەت دابخەو سەرە شكۆدارەكەت

هەڵبڕەو

تەماشاكە :

من و نازداری هاوسەرم .

من و جگەرگۆشەكانم .

من و ژنە قاچاغەكەم و عیشقە زۆڵەكەمان ..

تەماشاكە ، هەر هەشتمان بەرووتی هاتووینەتە سەر چۆك !

چاوە كوێرەكانمان بڕیوەتە ، تاقگە بە خوڕەكانی نوورت .

دەستە بڕاوەكانمان درێژ كردووە ،

دریـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــژ

درێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــــــژ

تا دەگاتە سێبەری داوێنی بەللورت .

خۆ ئێمە نەمانگوت ،

مێش و برین بۆ ئێمەو هەنگ و گوڵ بۆ ئەوان !

خۆ ئێمە نەمان گوت ،

مەزرا خوێناویەكانی مین بۆ ئێمەو

كووپە لیرەكانی ئارامی بۆ ئەوان !

ئیمە كەی گوتمان ،

شەقامە رۆشنەكانی شار بۆ ئەوان و

توولەرێ سەختەكانی كۆچ بۆ ئێمە !

ئێمە كەی گوتمان ،

پشكۆ گەشەكانی نیشتمان بۆ ئەوان و لەرزو تای

ئوردووگا تەزیوەكانی مەنفاش بۆ ئێمە !

خودایە ..،

چاویلکە نوورانیەکەت دابنێ و

دیدە جوانەکانت هەڵبڕەو تەماشاکە :

هەر ئێمەین ، بەرماڵمان شەلاڵی نوێژوو

دوو دەسمان گیروودەی دوعایە تا دەمی سپیدە .

هەر ئێمەین لە کۆڕی زیکردا ،

بریقەی شمشێرمان خوێناوی و

ئاوازی زریزەی دەفیشمان شەهیدە !

خودایە سەیر کە :

هەر تەنیا بریسکەی نێوچاوی ئێمەیە ،

گومبەزوو منارەی کردۆتە چراخان !

خودایە سەیرکە :

هەر نزاو هاواری فرمێسکی ئێمەیە ،

مەرجانی بەخشیوە بە دەریاو

جریوەی ئەستێرەش بە ئاسمان !

وەڕس بووین

خودایە وەڕس بووین ...

گەر ئاسکە سرکەکانی ئاشتیمان پێ ڕەوا نابینیت ؟

گەر شڵپەی رووبارە قژ سەوزەکانی ئازادیمان

پێ ڕەوا نابینیت ؟

گەر پەپوولە دەنگ خۆشەکانی جوانییمان پێ روا نابینیت ؟!

ئیدی سەمای ئەم سەفەری سیزیفە هەتاکەی !؟

ئیدی سەدای ئەم سترانی سەرابە هەتاکەی !؟

خودایە ..،

وەک ساتە وەختی هەڵوەرینی برژانگی گەلایەک ،

مەودای ئێمەو خەرەندە سوورەکانی جەهەننەم

کورت بکەرەوە !

وەک کژە وەختی چرۆ کردنی گۆی مەمکێک ،

مەودای نێوانی ئێمەو شرابەن تەهوورەکانی بەهەشت ،

کورت بکەرەوە !